ڕەحمان خانی

# لەشینی هەڵەبجەکاندا

دەنگی گریانیٚ بۆ نایێ, لە کوێر بوونی دوا کانی نیشتمانێکدا
دەنگی شیوەنیٚ بۆ نایێ, لە خەزانی پەلەوەری ئاسمانێکدا

*

بەکولٚ بگرین..
بۆ خوێنی کچێنی ڕەزی ,بە سەر عەگولٚ دا ڕژاوم
بۆ گوڵەکێوی ئاوایی ,لەناو لمی بیاباندا هەڵوەریوم
بۆ کانی شیرینی چیای ,لە خوێی نوگرەدا خنکاوم
بۆ مەرگی هەڵەبجەکانی ,ولاٚتە بیٚ شیوەنەکەم
بۆ پرسەی هەڵەبجەکانی ,نیشتمانی نەگریاوم
بۆ تەرمی 36 هەڵەبجەی
بیٚ کفن و بیٚ کێل و گلٚکۆ
ئەنفال بۆ تۆ..
بە دەست و دەم و قژو چاو.. شیوەن ڕۆ ڕۆ!

*

کەسەکانم لە دوای ئێوە
هەر کانییەك تۆزیٚ گریا
هەر ڕۆخانەیەك ئەشکی ڕشت
ئەنفالیست کوێریان کردەوە
هەر چڵە دارێك شیوەنی لیٚ بیسترا
باٚڵندەی باغێکیان قڕ کرد
دارستانێکی سەوزیان کوشت
هەر گوندیٚ پرسەی بۆ دانان
دەڤەرێکیان پێوە سوتان!

*

دوای تالاٚنی
دوای وەرینی گوڵی شاخ و گوندو کانی
کەسەکانم لەدوای ئێوە
هەر بە تەنها قەڵەمە شۆڕش پێوەکان
هەر بە تەنها کونی ئەشکەوت و کێوەکان
هەر بە تەنها پارتیزان و نەڕەدێوەکانی ئێوە
مان بە پێوە
مان بە پێوە!

*

ئەی ئاسمان !
لەو ئەستێرە گەشانەتا
جیٚی تەرمی بیٚسەرژمێری ئەنفالەکانم بکەوە
جیٚی گۆڕی کەس پیٚنەزانی هەڵەبجەکانم بکەوە
لەو ئەستێرە گەشانەتا
هەیرۆ هەیرۆ
گریان گەرمیان
ئاسمان ئاسمان!

---

( چەند جارێ لە یادەوەری ئەنفالدا بەلاواندنەوە وتراوەتەوە, 1993 نوسراوە)